# گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران

## گۆڕی نەنە ..

هەردوو نەوەی هەندەرانی کچ و کوڕە دە و دوازدە نەورۆز تەمەنیان گوزەرابوو ، فرمێسک لەچاویان دەهاتە خوارێ دوابڕیاری بردنەوەی تەرمی نەنە بۆ کوردستان ڕەنگ و دەنگی لەبەر بڕیبوون . ئەوان خوازیاری دانەبڕان یا لانی کەم سەردانی ڕۆژانە و هەفتانە تەنانەت مانگانە یان سالانەی سەرگۆڕەکەی بوون بەچەپکە گوڵ بەسەری بکەنەوە یاخود بچن سکاڵای بێدادی باوک و دایکیانی لەلابکەن وەک بەزیندوویی پشت و پەناگەیان بوو ، هەرچەندە داوایان کرد زۆر پاڕانەوە لێرە تەرمەکەی لای خۆیان بنێژرێ بەڵام دوای خەم و پەژارەی پرسەی نەنە تەواوی ئەندامانی خانەوادە لەمشت و مڕی شوێنی ناشتنەکە ڕاگۆڕکێیان کرد ، زۆربەیان ڕایان وابوو بیبەنەوە کوردستان تا گۆڕی هەتایی هەبێ چونکە یاساو نەریت لەو وڵاتەی نیشتەجێ ی بوون تێچونێکی خەرجی زۆر و ماوەکەی دیاریکراوە دوای بیست ساڵ لەبەکرێ گرتنی زەوی قەبرستانەکە قەبرەکە تێک دەدرێ هیچ پاشماوەی نامێنێ ! باوکە سووربوو هەر دەیباتەوە بۆیە تەلەفۆنی بۆ مەحمود تەیارە کرد کە خاوەنی یەکێ لەنوسینگەی هێڵی ئاسمانی یە " قسەی خۆمان بی زۆربەی کوردەکانی هەندەران ناوی ڕاستی نوسینگەکان نازانن یا نانوسن لەشاشەی تەلەفۆنە دەستیەکانیان ناوی خاوەنەکانیان تۆمار دەکەن بەناسناوی وەک عەلی تەیارە و حوسێن تەیارە یا هەر بەو پاشناوە باسیان دەکەن کە ناویان دەهێنن " لەوەیە بۆ ئاسنکاری دۆزینەوە یا کورتبڕی و نوێ یی نوسینگەی گەشتی فڕین بێ بەکوردی . سندوقی تەرمەکە گەیشتە تورکیا لەوێوەش بەرەو کوردستان باوکە لەگەڵی چوو ، لەئیبراهیم خەلیل خزمان پێشوازیان کرد تاکو گەیاندیانەوە قەڵادزێ . بەو پێ یەی تەرمی ژنە درا بەژنان تا مردووشۆی بکەن هەر کە سەری سندوقەکەیان کردەوە تەرمی کابرایەکی هیندی تێدابوو سمێڵەکانی دوو

قەف سوڕابوونەوە ، ژنان کردیانە چریک و هۆڕ کوا تەرمی پورم .. خوشکم .. دایکم.... تاد. کوڕەی دایک مردوو تەلەفۆنی کرد بۆ نوسینگە کوردیەکەی لەدەرەوە تەرمی دایکی پێ ڕەوانەکراوەتەوە : کاک مەحمود کوا تەرمی دایکم ؟ خاوەن نوسینگەش : ئەدی داکت نەبردەوە کاکە ؟ بردنەوەی چی تۆ مەیتی هیندیەکت پێدا ناردوومەوە من دایکم ئەوێتەوە ؟ خۆ گاڵتە ناکەی برا ؟ هەتیو ئێستا کاتی گاڵتەیە ؟ مەحمود تەیارە: ڕاوەستە برام بەدواداچوون دەکەم هەرئێستا تەلەفۆنت لۆ دەکەمەوە . ئەویش تەلەفۆنی بۆ هێڵە تورکیەکە کرد وەڵامی خاوەن تازیەی دایەوە .. زانیان لەفڕۆکەخانەی ئەوێ هەڵەیەکی تەکنیکی کراوە کرێکارەکان سندوقی هیندیەکەیان بۆ کوردستان و سندوقی نەنەیان بۆ هیندستان ڕەوانە کردووە ، لەوێش شارەوانی تەرمەکە دەسوتێنێ تەنیا قدوێک خۆڵەمێش دەداتەوە خانەوادەکەی . بەدەم توڕەییەوە دەقیژێنێ : من دایکم ئەوێتەوە ؟ مەحمودیش: وەڵا کاکە داکت وەرناگریەوە سوتێندرا . ڕاوەستە بۆم حودە ئەو دایکەت وا و وا لێدەکەم . نەک خاوەن تازیە هەرچی ژنی دەرو جیرانیش تووکیان لەمەحمودی تەیارە دەکرد: ئۆ کوڕم لەبەر سکی دایکت هەڵگیرێ ی ، ئـــــۆ خێر و خۆشی لەخۆت نەبینی .... ماوە تەرمی کابرای هیندی چی لێبکەن ! کوڕە لەڕقان دەڵێ: نای نێژم فڕێ ی دەن با سەگ بیخوا ، دوو سێ موسڵمانیش دەی بەن لەنزیک گۆڕێک دەینێژن . پاش چەند ڕۆژێک پیرێژنی خاوەن گۆڕ دێ و دەبینێ گۆڕێکی نوێ لەتەنیشت گۆڕی مێردە مردووەکەیەتی نازانێ هی کێ یە ! پیرێژن خۆی شەل و کۆتە هەموو لەشی بادارە دوای فاتیحایەکەی پاڵ بەگۆڕی کابرای هیندی دەدا چاوگەرمکردنێک خەوی لێ دەکەوێ کەخەبری دەبێتەوە ئارقەی ڕەش و شینی کردیە بەرەوماڵ دەڕواتەوە . پاش دوو ڕۆژ هەست دەکا بادارییەکەی نەماوە بەچەندین ژنی گەڕەکیش ڕادەگەیەنێ مەزاری پیاوچاکێک لای گۆڕی مێردەکەیەتی بادارییەکەی لەشی چاک کردۆتەوە . وای لێهات ژنان دەچوون نۆرەیان دەگرت

دەیانویست لەسەر گۆڕی کابرای هیندی پاڵکەون تا ئەوانیش چاک ببنەوە بەبێ ناسین هەر دوعایان بۆ مەحمود تەیارەی هەندەران دەکرد: ئەی ڕووی دایک و باوکت سپی بێ ئەوەی ئەم مەزارت هێنا ئێرە ، دایک و باوکت بچنە بەهەشت و خوا لێت ڕازی بێ کوڕم خوایە .....

دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com